# پەپوولە یێکی بێ دەنگی

کاوەی خەسرەو کاوانی



پەپوولەییێکی بێ دەنگی
لەسەر پەڕەی دڵی بێ ئۆقرەم نیشتوویی
هەلاڵەی رۆحی من دەخۆی ,
جارجار دەفڕی
جارجار تێنووی راموسانی
جارجاربەبێ وویستم دەڕۆی

❊ ❊ ❊

لەتۆوە بۆڕانم ناسی
لەتۆش کرێوەو ئەشکنجە
لەتۆوەش ئازاری سووتان ,
لەتۆ فێری زامی عیشق بووم
زانیم بێ تۆ بەهارم دەبێتە زستان

❊ ❊ ❊

سپی و رەشت پێ ناساندم
زانیم دەرگای بەهەشتەکان
بەکام کلیل دەکرێنەوە و
لەدەستی دۆزەخ رادەکەی ,
لە عیشقی تۆ زۆر شت فێر بووم
تێگەیشتم ئەگەر بێت و بەیار نەگەی
سەرتاپای تەمەنی ژینت بەبادەکەی .